# ئةحمةدي خؤشنوس

## ئةوهونةرمةندةي لةطةرميان طةرمترة

باوکی لۆڤان

هونەرمەند کوڕە گەرمیانی‌یەکی ڕۆخۆخۆش‌و بەلاّبەرزو چاوگەشی شاری کەلارە، بەجۆرێك ئاشنایەتی لەگەڵ هونەردا پەیدا کردووەو ئاوێتەی یەکتر بوون، فلّچەوقەلّەم لەنێوان پەنجەکانیدا بێسرەوتن، ئەو ساتانەی ئەوان بۆسەرخەوێك یاخی دەبن لە هونەرمەند، وەلیّ خۆی ناچێتە پێخەفەوە، ئەو هێشتا تەلی کەمان‌و عودو سازەکەی چاوەڕوانی دەست بەتاڵ بوونی دەکەن‌وئەوانیش سۆزی ئەوکوڕە گەرمیانیەیانەگەرەکە ، هەربۆیە ئەحمەدی خۆشنوس هێندەی کۆرپەکەی خۆی‌و بگرە زیاتریش کەرەستە هونەریەکانیەوە خەریکەو دەیانلاوێنێتەوە جاریك عودو جارێك سازەکەی دەگرێتە باوەش‌و ئینجا مێوێك بەتەلی کەمانچەکەی دادێنی‌و دەست دەکات بەدلّنەوایی ئەو، من پێم سەیرە ئەم هەموو بەهرەیە لەم لاوەدا کۆبووەتەوە! کەچی ئەوتەنها بەیەکیك لەو هونەرانە بانگ دەکرێت‌و دەناسرێتەوە، ئەحمەدی خۆشنوس لە بەکار هێنانی تفەنگ نەبیّ لە هەموو شتێکدا دەست ڕەنگینە، من لەباس کردنی ئەومرۆڤەدا هەولّنادەم زیادە ڕۆیی بکەم وەلیّ بە پێچەوانەوە هەرچەندی لە سەربلّێین هێشتا کەم باسەکەمانە لە ئاست خەم‌و هەولّ‌و ماندووبوونی ئەو کورت دێنیّ، ئەحمەد خەمەکانی گەورەن بۆیە هونەرمەندێکی گەورەشە، ئەو هێشتا لەسەرتای لاوێتیی خۆی دایە، بەلاّم گەلێك قۆناغی گەورەی بڕیوە ، بەداخەوە ڕۆژگار لەئاستیدا بێباکە،ئەو دورلە ئەتەکێتی بورژوازیانەو غرورو لوتبەرزی هونەرمەندە پاشکۆکان مامەلّە لەگەل ژیان‌و دەوروبەری خۆی دەکات، هێندەی خەمی داهێنانێتی خەمی دەرکەوتن‌و خۆدەرخستنی نیە، سەرەڕای ئەوەش لەنێو ئەوفەوزای ڕاگەیاندن‌و زۆری‌و بۆریەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا وەها هونەرمەندێکی خاوەن بەهرەو بەسەلیقە فەرامۆشکراوە، بەتایبەتی هونەرمەندێك کە هیچ پەیمانگەیەك‌و ئەکادیمیایەکی هونەری نە خوێندووە !! کەمنین ئەوکەسانەی دەرچووی پەیمانگەو ئەکادیمیاکانن، لەبری جاریك چەندین جار شاشەی تەلەفزیونەکان‌و ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەبینن!! بەلاّم لەڕاستی دا نەك هەر لەئاستی داهێنانی ئەمدانین بەلّکو بەهیچ جۆرێك بەراورد هەلّناگرن، کەچی خۆشنوس سەرەرای ئەو هەموو سەرقالّیەشی هیشتا خەمی مندالاّنیشی لەکۆلّناوەو لەخانەی هوشیاری مندالاّنی کەلار وەك کارمەندێك ڕۆژانە دور لەکات بەرێکردن‌و وەخت کوشتن خەریکی پیگەیاندنی مندالاّنی شارەکەیەتی‌و مشوری ئایندەیان دەخوات،ئەو لەگەڵ هونەرو هونەر لەگەڵ ئەم هێندە ئاوێتەن هیچ عاشق‌ومەعشوقێکی ئەم سەردەمە ناتوانیّ وێنەیەك بن لەوان،ئەستەمە ئەحمەدی خۆشنوس بەهونەرمەندی تەنها بوارێك بناسینەوە چونکە ئەو لەیەك کاتدا باشترین هونەرمەندی شێوەکارو باشترین هونەری خۆش نوسی‌و ژەنیاری ئامێرە کانی عودوسازو کەمانەو لەهەمانکاتیشدا لەهونەری هەلّکۆلین‌وکاری دەستی وێنەی نیە،بەش بەحالّی خۆم تەحەدا دەکەم ئەگەر لەهەموو کوردستان کەسێك هەبێت بە هاوتای ئەحمەدی خۆشنوس کارکاتێریستێکی سەرکەوتووو دەست ڕەنگین بێت، من نالّێم، ئێوە بلّێن کام

هونەرمەندی بەتوانای دەزگاكانی راگەیاندنی ئەمڕۆی كوردو بەڕێوەبەری كام ڕێكخراوو كۆمەڵەی هونەری كوردیوكام پسپۆری هونەری كەچەندین ئیمتیاز ی جۆراو جۆر لەسەرحسابی هونەر وەردەگرن هێندەی ئەحمەد دەسترەنگینو خاوەن سەلیقەو بەهرەی هونەرین؟؟؟! ئەوكاتێك قامیشو قەڵەمو فڵچە بەدەستەوە دەگرێت هەموو ئەم كەرەستانە لەنێو پەنجەكانیدا سەما دەكەنو لەبەختەوەریو ئاسودەیدان، چی بێت لەوە خۆشتر تۆ بەجوڵەی خۆت جوانی بەرهەم بێنیت؟ ئەو ووشەو ڕستانەی ئەحمەدی خۆش نووس دەیاننوسێت،پڕن لەچێژوجوانی، ئەفسووس ئەحمەد لەواقعیكدا دەژی هیچ كەسێك لەشوێنی شیاوی خۆی دەرناكەوێ،واقعێك نەخوێندەوارێك تیایدا كولفی كلەو ڕۆشنبیرێكی بێ حزبیش،پەراوێز كەوتووە! دورنیە دەیان فشەكەری دنیای ئەمرۆ هەر بەخاتری پسولەی دەرچوونی لەپەیمانگایەك مشە خۆرانە بەسەر دەزگاكانی راگەیاندنەوە بلەوەڕێنو ئەوهەقەش بەخۆیان بدەن هەڵسەنگاندنی بێویژدانانە لەمەڕكارە هونەریەكانی وەها هونەرمەندێكیش بكەن،زیادەرۆیی ناكەم كێ دەیەوێت لەڕاستی تێبگا با بفەرموێ تێبگاو خۆی چۆنی بەشیاوەدزانێ با سەردانێكی گەرمیان بكاو سەرێك بە خانەی مندالآنی كەلاریان سەرێك بە سەنتەری گەنجانی ئەو شارەدا بكاولەڕاستی ئەم پێناسەیە تێبگات،با سەرێكی گەرمیانی بە كارەساتی ئەنفال هەڵقرچاو بدا، ئەوسا لە هەركوێیەك كوڕێكی بالآ بەرزی عود لەشانی بینی ، لەهەركوێیەك لاوێكی دەست ڕەنگینو خەمخۆری ئەنفالەكانی بینی ئەوە كورە خۆشنوسەكە خۆیەتی، بچنە كەلار لەهەر هونەر دۆستێكی ئەو شارە بپرسن، لەهەر پیرەژنێكی گەڕاوەی عەرعەرو نوگرەوسەلمان بپرسنوبڵێن : ئەحمەدی خۆشنوس ها لەكوێ؟ ئەوان پێت ێژن : بم وەسیاقەی تۆشو ئەحمەدیش ماڵیان هالە كەلار كۆن، دڵنیام هەربە ئێوەدا ڕستەیەك پەیڤی جوانی بۆ دەنیرنەوەو دەڵێن : بێژە پورە فلآن یان خالۆ فلآن سەلامت لێدەكاو پێی بێژە با ئەمسالێ بۆ یادی ئەنفالە گلاراكە خۆی لەیەڵ چەتەومەتە دوور خاتەوە یێژن، ئەمساڵكە خەڵكێ زۆری دزوجەردە وەسەر ئەنفالەوە گیرفان خۆیان پڕكردووە، ئابم وەسیاقەت پێی بێژە ئەمساڵیش خۆمان هەر لەناو لیوارِەشەكەی كەلار سەر ئەنەین وەیەكاو( ئەحمەد )وە مۆسیقاكەییو (منو لالۆتان) وەهۆرەوژنە ئەنفالەكان تریش وەگێڕانەوەی حیكایەتەكانی جەهەنەمی ئەو خوارەو (عەدە حەیاتم) وە دەفەكەی لەیەل ئەو كورگەلەی هان لەتەكیا خۆمان یاد ئەنفال دەكەینەوە بەقوربانە با حوكمەت ئەرك نەكێشێ وەناوئەنفالەكان ئێمەوە لەشار قەرەبالغی بۆ ئەنفال بكەنو بچن ئارەقو بیرە وەحساب ئێمەو كاسەسەری كوڕجوانخاسوكچ وەجێماوی ێمە بخۆنەوە.جا ئەوسا تێدەگەیت ئەحمەدی خۆشنوس كێیەوچیەو چەندی لەبالآدایە.